منالان\ هاوڕێ ئەسک سووک و گووڕووکانم.. عەلی حەمەڕەشید

ئای کە ئەم ژیانە بە ئەوەو جوان و ڕەنگین و ڕازاوەیە، ئەوە پڕن لە هەموو جوانییەکان، بناغە دانەری کەمەڵگەن، ڕوناکییەکی خەر ئاسای نەکوژاوەن بە شانەی ژیان.

چەندە سەرنجڕاکێشە کە دەبینین بە پێنجە نەرم و ناسک و وردیلەکانتان تابلۆی دڵگیری سروشتی کوردستان دەکێشن، بە کەمانچە و پیانۆ و گیتار ئاوازی خۆش خۆش لێدەدەن، لەسەر دەفتەرەکانی بەردەستتان بە وشەی گوڵەناریی هیوا و حەز و خەون و ئەندێشەکانی ناختان وێنا دەکەن بەڕاستی و ڕاستگۆیی.

چەندە خۆشە لە ڕۆژی جیهانیی منداڵانیشدا ئەوەی منداڵانی کوردیش وەکو منداڵانی جیهان خەونەکانتان باڵاتر و گوڵی هیواکانتان گەشاوەتر و خێشیەکانتان بەسنورتر بێت. چونکە زیاتر هەست بە بوونی خۆتان و ڕۆژی خۆتان و دونیا ڕەنگاڕەنگیەکەی خۆتان دەکەن. خۆنچەی لەوکانتان بە نەمەی زەردەخەنە و دڵە ناسک و بچکۆلەکانیشتان بە شنەی شادی زیاتر دڵگەشتەوە..

پیرۆزە ئەو ڕۆژە لە ئەوە.

عەلی حەمەڕەشید

نوسەری بواری منداڵان سەرپەرشتیاری پەروەردەیی